# فەرهادی لاسار



فەرهاد خەڵکی گوندی (ئێنێی) سەر بەشارۆچکەی چۆمان بوو. وەرزی بەهار بوو. زۆر حەزی دەکرد، بە دەشت و دەردا بگەڕێ، بەڵام دایکی چەند جارێک ئاگاداری کردبۆوە، کە ئەو دەوروبەرەی ئەوان پڕە لە مینی سەردەمی شەڕ. فەرهاد لاساربوو، بە قسەی دایکی نەکرد. تاکو ڕۆژێکیان بۆی دەرچوو. لەو دەشت و دەردا بێباکانە بۆ خۆی دەگەڕا، لە ناکاو پێی بەر تەلێک لەو تەلانە کەوت، کە لەنێوان مینەکاندا دانرابوون و بووە هۆی تەقینەوەی مینەکەو بریندارییکرد. لەو ڕۆژەوە فەرهاد رقی لە مین وچەک و تەقەمەنی دەبێتەوەو دەزانێ، کە هەر کەسێ بە قسەی دایک و باوک و مامۆستاکانی نەکا، تووشی زیان و نەهامەتیوماڵوێرانی دەبێ.

# واتای وشەکان



| وشە | | واتا |
|---|---|---|
| لاسار | : | گوێ رایەڵنەبوون |
| دەشت و دەر | : | چۆڵ |
| بێباکانە | : | بێخەم |
| لەناکاو | : | لە پڕ |
| مەشڵەژێ | : | مەترسە |
| تەقییەوە | : | پەقی |
| رق | : | رک، کین |
| نەهامەتی | : | دەردەسەری، نەگبەتی |

## راهێنان (١)

ئەم بۆشاییانەی لای خوارەوە بە وشەیەکی گونجاو پڕ بکەوە:

١. فەرهاد خەڵکی گوندێکی نزیک شارۆچکەی ............... بوو.

٢. فەرهاد زۆر حەزی دەکرد بە ............... بگەڕێ.

٣. بە قسەی ............... نەدەکرد.

٤. بووە هۆی تەقینەوەی ...............و ............... کرد.

## راهێنان

قوتابی خۆشەویست ئەم بۆشاییانە بە وشەی گونجاو پڕ بکەوە:

١. راستگۆیی .............. پیرۆزە.
٢. مرۆڤی راستگۆ .............. و ..............
٣. مرۆڤ بە .............. خۆشەویست دەبێت.
٤. هیچ جارێک .............. نەکەین.
٥. پێویستە خۆمان لە .............. دوور بگرین.

## چالاکی (١)

مامۆستا سوودی راستگۆیی و زیانی درۆکردن بۆ خوێندکاران روونبکاتەوە.

## چالاکی (٢)

قوتابی خۆشەویست هێمای (✕) یان (✓) بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنێ:

١. باوک و باپیرانمان راستگۆیان کردبوو بە ئارمانجیان
٢. راستگۆیی رەوشتێکی باشە.
٣. پێویستە مرۆڤ لەکردارو گفتوگۆ راستگۆ بێت.
٤. درۆکردن مرۆڤ سەرفراز دەکات.
٥. قوتابیی راستگۆ خۆشەویستە.

| راست | هەڵە |
|---|---|
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |

## چالاکی (٣)

رێنووس و خۆشنووسی:

سەرکەوتن هەر لە راستگۆییدایە

